

**بەیان عەتاری**

بە پێی ڕاگەیاندنی " ئاژانسی هەواڵدەریی موکریان" و "ژینگەپارێزەرانی بۆکان" و "شاخەوانانی کوردستان" و چەند ناوەندێکی تر، بەیان عەتاری لە دایکبووی شاری بانە و دانیشتووی شاری بۆکان، کارناسی "ژینناسی" ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١١ی خەرمانان، بە هۆی ڕووداوی هاتوچۆ لە شەقامی ساحلی شاری بۆکان کاتی بایسکل لێخوڕین لە لایەن ماشێنێکی وانێت وەبەردرا و بۆ نەخۆشخانە گواسترایەوە و زانستی پزیشکی فریای نەکەوت و گیانی لە دەست دا .

بەیان عەتاری بە پێی داوای خۆی و پشتڕاستکردنەوەی بنەماڵەکەی، ئەندامانی لەشی پێشکەش بەو کەسانە دەکرێ، کە چاوەڕوانی ژیانی دووبارەن، بۆ ئەو مەبەستە گواستراوەتەوە بۆ شاری ورمێ.

بەیان وەک شاخەوانێکی کارامە چیای کازبەک لە وڵاتی گورجستان، چیای ئاگری(ئارارات) لە باکوری کوردستان، کێوەکانی دەماوەند،عەلەم کێو،سەبەلان، چلچەمە،ئاورین و چەند چیای دیکەی بەزاندبوو.

بەیان عەتاری تەنیا قوربانی سیستەمی هاتوچۆی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبوو، ساڵانە زیاتر لە ٢٣ هەزار کەس لە شار و جادەکان گیانیان لە دەست دەدەن، لە چوار پارێزگای ورمێ، کوردستان، ئیلام و کرماشان ساڵانە ٨١٠٤٠ ڕووداوی هاتوچۆ تۆمار کراوە، هەر بە پێی ئاماری دەوڵەتی لەو چوارپارێزگایە ساڵانە ٢٦٧ کەس گیانیان لە دەست داوە و ٢٧٧ کەس بریندار بوون. ئەم ئامارانە چەندە لە گەڵ ڕاستی ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە کوردستان و ئێران یەک دەگرنەوە، ڕوون نییە، بەڵام ئەوە ڕوونە کە جادە و شەقامەکانی شار و گوندەکانی ئێران و کوردستان بوونەتە، شوێنی مەرگەساتی خەڵک.

ماڵپەری ڕۆژهەڵات /بۆکان گیان لە دەستدانی خانمە شاخەوان و ژینگەپارێز و مرۆڤخۆشەویستی کورد بە خەسارێکی گەورە بۆ بنەماڵەکەی، بنەماڵەی ژینگەپارێزان و شاخەوانانی کوردستان دەزانێ و سەرسڵامەتی بۆ هەموو لایەک دەخوازێ.

ماڵپەری ڕۆژهەڵات/ بۆکان

خەرمانانی ٢٠٢٠